# زمان؛ مەودایەک بۆ "دۆزینەوە"و"سڕینەوە"ی شوناس

یوونس ڕەزایی

بە چاوخشاندنێک بە سەر مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی بەشەری دا و هەروەها بە تاوتوێ کردنی پێوەندییەکانی دەسەڵات و ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ زمان و کولتووره جیاوازەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە دەستەڵاتەکان بەردەوام بە دوو شێوە لەگەڵ زمان هەڵس وکەوتیان کردووە؛ یان بە واتایەکی دی، دەستەڵاتەکان لە لایەک بە پیتاندن، پەرەپێدان و ڕەخساندنی بواری گەشە و نەشەی زمانی «بەرزی خۆ»یان، زمانێک کە نیشاندەری پلە و پایەی بەرز و ئەندێشەی لەبار و پتەوی ئەوان بێ، بیریان لە دەستەڵاتدارێتییەک سەرووتر لە دەستەڵاتدارێتی سیاسی کردۆتەوە. دەستەڵاتێک کە لە ڕوانینی یەکەم دا نەبەدی و نابەرهەستە، بەڵام لە بنەمادا دەستەڵاتێکی قووڵ و پەرەدارە، کە ڕووخاندن و لێک ترازاندنی ئەستەم و دژوارە. ئەو دەستەڵاتدارێتییە بە دەستەڵاتدارێتی زمانی حکوومەت ناودێر دەکرێ. کە واتە ئاراستەی یەکەم، ئاراستەیەکی ئەرێنییە بۆ زمان، کە تەنیا زمانی دەستەڵات دەگرێتەوە. هەر بەو پێیە دەستەڵاتەکان تێکڕای لایەن و بنکە و دامەزراوە پێوەندیدارەکان بە پەرەسەندنی زمانییەوە، دەخەنە ژێر چاوەدێری و پشتگیری و بە مەبەستی پیتاندن و زەنگینی ئەو زمانە لە هەموو توانا و وزە شاراوەکانی کۆمەڵگا کەڵک وەردەگرن. کە واتە ئێمە لە لایەک هەڵدان و پشکووتنی زمان و بوارە پێوەندیدارەکان بە زمانەوە دەبینین، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەستەڵاتەکان هەر ئەو توانا و هەڵدانەی زمان، نەک تەنیا بە مەبەستی زمانی ڕووت، بەڵکوو بە مەبەستی بەهێزتر کردنی پێگەی سیاسی و دەستەڵاتی خۆیان بە سەر کەمینە زمانییەکان دا بە کار دێنن. کەواتە هەر لەو خاڵەوە، ئاراستەی دەستەڵاتەکان لە هەمبەر زمان دا دەتوانین بخەینە ڕوو، ئەویش ئاراستەیەکە کە لە سەر بنەمای سیدار و نەبەگە کردنی زمانە کەمینە و ژێردەستەکان، لە ڕێی حاشا لێکردن، لە بیربردنەوە و داپۆشینی ئەوان بە دەستی زمانی دەستەڵات دامەزراوە. ئەو بابەتە بە مەبەستی دەست بە سەر داگرتنی کولتوور و مەسخ کردنی نەتەوەی کەمینە جێ بەجێ دەکرێ و باشترین و کاریگەرترین دەلاقەش بۆ چوونە ژوورەوە لە پانتای ئەو باسە، دەلاقەی زمانە. لە لایەکەوە بە پەرەدان بە زمانی سەردەست کە هەڵگری بیر، ئەندیشە، کولتوور، ئوستوورە، مێژوو و بەگشتی تێکڕای هێما و نیشانەکانی تێفکرینی کۆمەڵگای سەردەستە، ڕێگایەک بۆ ڕاگواستن و لە ڕوانینێکی توندوتیژتریْش دا سەپاندنی ئەو ئەندیشە و کولتوورە دەدۆزێتەوە. هەروەها بە درێژایی زەمان بە داسەپاندنی کولتوور و زمانی سەردەست حەول دەدرێ بۆ پووکاندنەوەی زمان و کۆلتووری کەمینەکان و بەو جۆرە لە ڕێی بە چۆک داهێنانی زمانی و کولتوورییەوە، ڕەوتێکی خێراتر بە بزاڤی شوناس سڕینەوە و ئاڵۆزکاندنی زمانی - نەک بەو واتایەی دەروون ناسەکان مەبەستیانە - دەبەخشن. سەرەنجام هەر چەندی ئەم ڕەوتە درێژخایەنتر بێ، زمانێک لەبار و دەوڵەمەند و زمانی بەرانبەریشی لاواز و داماوتر دەبێ. کۆلۆنیالیستەکان بە درێژایی کاتی داگیرکاری خۆیان، بە ئاگاداری لە گرینگایەتی زاڵ بوونی کولتووری و زمانی، بەو ڕادەیەی بۆ پەرەپێدانی دەستەڵاتی چەکداری و داگیر کردنی وڵاتان و دەست بە سەر داگرتنی سامانە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتانە حەول دەدەن، بە شێوەیەکی هەست پێنەکراو و نەبەدی لە ڕێی زمانەوە؛ کولتوور، تێفکریْن، بیرو بڕوا و داب و ڕەسمەکانی خۆیان ڕاگوێزن و بەو جۆرە جگە لە تالانی سەرچاوە سروشتییەکان، خەریکی خاپوور کردنی

سەرچاوە کولتوورەییەکانی ئـەوانیش بن. هـەروەها لـە چـاخی نـوێ دا جگـە لـە دۆزینـەوەی بازاڕێـک بـۆ کـاڵا و دەستکردەکانی خۆیان، بازاڕێکیش بۆ خستنە ڕووی کولتوور و کـاڵا زمانییـەکانی خۆیـان ببیننـەوە و بـەو جـۆرە ڕەوتێکی نامرۆڤانە لە بەرەوڕوو بونەوە، لەگەڵ کولتوور و زمانی بەرانبەریان دا دەگرنە بەر. «فـڕانتس فـانوون» لە بەشی یەکەمی «پێستی ڕەش و دەمامکە سپییەکان »دا، دەستەڵاتی زمان بۆ گۆڕینی کولتوور لـە سـەردەمی داگیرکاری دا نیشان دەدا. ئەو بە گوتنی ڕستەی «قسە کردن بە واتای هـەبوونی ڕەهـایی لـە ئاسـت ئـەویتردا» ڕەخنە لەو بیرۆکەیە دەگرێ کە پلە وپایەیەکی نزمتر بە زمانی «کریولی» لە بەراورد لەگـەڵ زمـانی فەڕانسـەوی دەبەخشێ و نیشانمان دەدا کە سووکایەتی کردن بە زمانی ناوچەیی لە لایان داگیرکەرانەوە، وەک زمـانێکی کـەم بایخ و سووک، کلیلی تێگەیشتن لەو ڕەوتە نامرۆڤانەیە کە ئەوان گرتوویانەتە بەر.» 1 داگیرکـار بـە تێگەیشـتن لـەو ڕاسـتییەی کـە وەرگرتنـی شوناسـی زمـان «ئـەویتر» بـە واتـای دان پێـدانان بـە هـەبوونی ئـەوە، حـەولی داڕووشاندنی شوناسی زمانی ئەو. چونکوو ئەگەر قسە کردن بە واتای هەبوونی ڕەها بێ، قسـە کـردن بـە زمـانی خۆماڵی هێمای شوناسێکی سەربەخۆیە. کاتێ شوناسێکی سەربەخۆ بە هۆی زمانەوە بوونی هەبێ، کەمتر خۆ بە دەست لایانە جیاوازەکانی دەستەڵاتی داگیرکەرەوە دەدا و لە ڕێی زمانەوە بەربەرەکانی لەگەڵ دەکا. بەڵام ئەگـەر داگیرکـراو بـە هـۆی لاوازی کولتـووری و زمانییـەوە مـل بداتـە ژێـر بـاری هێژمـۆنی داگیرکـار، بەرەبـەرە هـەموو لایەنەکانی کولتووری و دەسـتەڵاتە فیکرییـەکانیش وەردەگـرێ. بـەم جـۆرە بـێ ئـەملا و ئـەولا دەبێتـە هـاوڕێ و هاوباری بەرژەوەندییەکانی داگیرکار. «ئانتۆنیۆگرامشی» «هێژمۆنی بە دەستەڵاتداری بە پێی پێمل بوونی لایەنی بەرامبەر دەزانی، چینی دەستەڵاتدار، بایخ و هۆگرییەکانی خۆی دەخزێنێتە ناوەندی ئـەو شـتەی وەک کولتـووری هاوبەش دەیخاتە ڕوو، چینەکانی دیکـە بـە وەرگرتنـی ئـەو کولتـوورە هاوبەشـە، لـە سـەرکوتی خۆیـان دا دەبنـە هاودەستی چینی حاکم و ئاکـامی ئـەو ڕەوتـەش بـەدیهاتنی جۆرێـک دەسـتەڵاتی نـەرم ونیـان و مەخمەریـە ».2 کاتێک پێوەندی دوو دەوڵەت یان دوو چین نەک بە پێی هاوسەنگی و هاوکاری و ئاڵ ووێرێکی ئەرێ، بـەڵکوو لـە سەر بنەمای سازکردنی هێڵێکی تاک لایەنە، کە ڕەوتی بزووتن بەرەو زەنگینی یەکیان و لاوازی ئـەویتر قورسـایی دەکا، خۆ دەگرێ، دوو حاڵەت دێتە پێش؛ ئەگەر نەتەوە یان چینی باڵادەست « ڕەوتێکـی ژێلـەیی» و نیـان لـە توێژە لیچقەکانی وەک زمان و کولتووردا دەست پێ بکا و لە بەرامبەردا نەتەوە یان چینـی ژێردەسـت حاڵـەتێکی ناکارامە و نائاگایانە، بگرێتـە بـەر، هـۆگری و داگـەڕان بـەرەو کولتـووری دەسـتکرد و هاوبـەش نیشـان دەدا. بـە گوتەی گرامشی هاوڕێیی خۆی لەگەڵ چینی حاکم نیشان داوە و شانی داوەتە بەر باری دەستەڵاتی نەرم ونیان و مەخمـەری. بـەو شـێوەیە لـە مەسـخ بـوون و خێرایـی تێـداچوونی کولتـووری خـۆی دا لەگـەڵ ئـەوان دەبێتـە هاودەست. حاڵەتی دووهەم ئاراستەیەکی توند و تووڕە لە لایەن چینی سەردەست و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی کـارا و ئاگایانە لە لایەن چینی ژێردەستەوەیە، کە بە هۆی ناهاوشێوەیی کولتووری و یەک نەگرتنەوە و ڕێک نـەهاتنی پێوەرەکان و لێک نەکاڵانەوەی ویستەکانی دوو لایەن، کار دەکێشێتە تێـک هـەڵچوونی فیکـری و تەنانـەت بـەرەو ڕووبوونەوەی چەکداری. ئەوەی لێرەدا گرینگە ڕۆڵی زمانە لە هەر دوو پانتایی گۆڕین دا و هەروەها توانـای زمانـە لە شوناس بەخشین و شوناس سڕینەوەدا. کەرەسەی چالاکی و هێرش و بەرگری هەر دوو لایەن، زمـان و شـوێن دانانی زمانە و لە ئاکام دا ڕادەی وزە و توانایی زمانی دوو لایەنە کە یا دەبێتە هۆی ئەو هاوکێشییە، یان تاریکی و لێڵ تر بوونی ئەو گرفتە زیاد دەکا. «ڕابێـرت هـال» پێـی وایـە «زمـان لـە بۆشـایی دا بـوونی نیـە، زمـان لـە کۆمەڵگای ئێنسانی دا و بە مەبەستی هەڵبەستنی پردی پێوەندی لە کار دەکرێ، کەواتـە هـەڵگری واتایـە. ئـەوە واتایە کە نرخ بە زمان دەبەخشێ و تەنیا هۆکـاری بوونیشـێتی. ئەگـەر بـە هـۆی ڕاگـوازتنی واتـا و لـە ئاکـام دا

سوودێک کە خەڵک لە دەکار کردنی زمان وە دەستی دێنن نەبایە، کەس پێمل نەدەبوو لە وەها پێکهاتەیەکی پێچاو کە ئاوێتەیەکە لە عادەتە دەنگییەکان کەڵک وەرگرێ.»3 ئەگەر بە پێی ئەو گوتەیەی هال بڕوانینە ئەرک و سوود بەخشینی زمان، ئەگەرچی توانا و ئەرکی زمانمان بۆ «واتا بەخشی» و «پێوەندی» دابەزاندووە، بەڵام دیسانیش بە جەخت لە سەر گرینگایەتی واتا بەخشی و پێوەندی دەتوانین بڵێین: چون زمان لە کۆمەڵگای ئینسانی دا ساز دەکرێ و کۆمەڵە ئینسانییەکانیش زۆر و بەربڵاون، ئێمە خاوەنی زمانگەلێکی زۆر و زەوەندین کە هەر کام سەمەر و بەرهەمی کۆمەڵێکی تایبەت و تێفکرینێکی تایبەت و نوێنەری کۆمەڵێک ئەندێشە و بۆچوونن کە لە جۆری خۆیان دا بێ هاوتا و تاقانەن. چونکوو کۆمەڵگا و کولتوورە جۆراوجۆرەکان، بەرهەم هێنەری ئەندێشەی جۆراوجۆر لە هەموو بوارەکان دان و واتابەخشی زمانیش، ڕاست لەو دەلاقەیەوەیە کە دەتوانێ فرەچەشن و جۆراوجۆر بێ. کولتووورە جیاوازەکان، زمانی جیاواز، کە هەڵگر و سەمەرەی ئەندیشەکانیانە، بەرهەم دێنن. زمان واتاکانی ئەوان ڕادەگوێزێ، کەواتە لە لایەک کاڵایەکی کولتوورییە و لە لایەکی ترەوە وەک هێمایەک لە سەربەخۆیی کولتووری دایک دێتە ئەژمار. کۆلۆنیالیست و داگیرکەران بە ئاگاداری لەو لایەنەی زمانە کە جەختێکی زۆر لە سەر لێک ترازاندن و لێک هەڵوەشاندنی زمانە ژێردەستەکان دەکەن. نەتەوەیەک کە زمان وەک تەنیا ماکەی واتابەخش و هەڵگری کولتوور لە کیس بدا، ناچار بە وەرگرتنی زمانی ئەوی تر، کولتووری ئەوی تر لەو ڕێیەشەوە شوناسەکەش وەردەگرێ. ئەگەر نەتەوەیەک زمان وەک پێکهاتەیەکی واتابەخش بناسێ و حەول بدا کەڵکی لێ وەرگرێ، بە نواندنی بوون و هەستی خۆی لەودا، لەو ڕێیەوە ئێستا و ڕابردووی خۆی دەخاتە پانتای زمانەوە، چونکوو «زمان نەینووکی میراتی کولتووری، کەرەسەی پێوەندی ئێمە لەگەڵ ڕابردوو و وێناکردنی ئەو شتانەیە کە هەم مرۆڤانە و هەم بەڕێزن»4 کاتێک میراتی کولتووری ڕابردوو و بەرهەمە هزرییەکانی هاوچەرخ لە ڕێی زمانەوە پارێزران و ڕاگوێزران، پێگەیەک بۆ شوناسی نەتەوە، بە مەبەستی بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ کولتووورە هێرشکار و سەرکەوتووەکان پێک دێ، کە زۆربەی حەوڵیان بۆ شێواندنی ئەو شوناسە و وەندا کردنی ئەو میراتە تەرخان دەکەن. ئەو بیرمەندانەی زمانیان لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە خستۆتە بەر باس و لێکدانەوە، لە سەر ئەو ڕایەن کە «لە ئاکام دا زمان بەرچاوترین ڕاگەیەنەری ئاڵ ووێرە کۆمەڵایەتییەکانە، هەر بەو هۆیە دەبێ هەموو لایەنەکانی بوون و هەستی کۆمەڵایەتی ئێمە بنوێنێ و تێکڕای (ئەو بوونەش) بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.» 5 هەر بەو پێیە نەتەوەیەک، کە لە زمانێکی چالاک بێ بەرییە، زمانێکی وا کە دەتوانێ ئاوێنەی باڵانوێنی بوونی کۆمەڵایەتی ئەو بێ. ساناتر لە خۆ نامۆ دەبێ و ڕێی تێداچوون دەگرێتە بەر. چون ڕابردوویەک کە داگری گەنجینەی بیرکردنەوەیەتی و ئێستایەک کە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی هرزی هەنووکەیەتی، بە هۆی ئەو لاوازی و نەتوانٖینەوە تێک دەڕووخێ. زەینی گشتی ئەو نەتەوەیە بەرەو کاڵا کولتووری و زمانییە هاوردەکان دادەگەڕێ و لە ئاکام دا، لە پێوەندی لەگەڵ کولتووری سەرکەوتوودا، خۆی و مێژووی و زمانی دەدۆڕێنێ. ئەگەر نەتەوەیەک تێگەیشتنێکی شیاوی لە زمان نەبێ، بە شێوەیەکی لەبار لە خۆشی ناگا و ئەگەر خۆشی وەک ماکەیەکی شوێن دانەر بزر بکا، بە هۆی ئەو خۆلێ ون بوونە، زمان و شوناسەکەشی لە بیر بردۆتەوە. «ڕێبوار سیوەیلی» بە پێی گرینگایەتی «زمان، زەمان و خود». کە سەبارەت بە تێگەیشتنی ڕاست و لە باری «حاجی قادری کۆیی» لە زەمان و زمان دەڵێ «تێگەیشتنی حاجی لە کات بە تێگەیشتنێکی تایبەت دا لە سەر (خود) و (ناسنامە) تێپەڕ دەبێت و ناسنامەی (خود)یش لە زمان و زمانی شێعردا بەرجەستە دەبێت. بۆیە حاجی چەندە بە دوای ناسنامەیەک دا بۆ خۆی دەگەڕێ، ئەوەندەش ستایشی زمان و زمانی شێعر دەکات کە بەرجەستەکەری خودە لە ئێستای ژیانی خوێ دا.

خود بۆ حاجی خودێکی بکەرە لە کاتی ئێستادا و ئەو کردەیەش کە خود پێی هەڵدەستێ بریتییە لە بەرهەم هێنانی شێعری.6 لە دونیای هاوچەرخ ئەگەر بەرگری چالاک کە لە سەر بنەمای زەنگینی کولتووری و متمانە بە خۆ و بە زانیاری و کولتووری نەتەوەیی دامەزراوە، لە لایەن نەتەوە ژێردەستەکانەوە و لە رێی زمانەوە خۆ نەگرێ، لە ئاکام دا بە پێی ئەوەی کە کولتوور بە دوو جەمسەری (سەرکەوتوو و ناسەرکەوتوو یان سەردەست و بن دەست) پۆلێن دەکرێ، بە جێگەی ئاڵ ووێری کولتووری و پێوەندی زمانی، کە ئەویش یەکێک لە رێیەکانی شوناس سازی نوێیە، بزاڤێکی یەک لایەنە پێک دێ. «لەو لاوە دەست بە سەرداگرتن، دەستەلات و داگیرکاری ئاوزەنگی خۆی لێدەدا و لەم لایەوە بەرگری ناکارامە بە شێوەی ئیفلیجی زەینی خۆیا دەبێ. وەها کەش وهەوایەک ئیتر دەرفەتێک بۆ وت وێژ و هاوڕایی ناهێڵێتەوە. ئەوەی لە ئارادایە هەر پووکاندنەوەی ناوکی ژیارە ناوچەیی یەکانە و جگە لە قاوغێکی فۆلکلۆر هیچیان بۆ نامێنێتەوە.» 7 پێوەندی ناڕاستەوخۆی زمانی ئەوەی تا ئێستا جەختی لە سەر کرا لە سەر بنەمای دەستەڵاتێک دامەزراوە کە دەستەڵاتخواز لە رێی دزە کردنی ڕاستەوخۆوە بۆ هەناوی نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان و لە رێی زمانەوە بە کاری دەبا. بەو واتایەی کە ئامادە بوون لە دەق و هەناوی کۆمەڵگا و نەتەوەی ژێر دەست، لە رێی زمان و ئەندیشەوە، هەروەها کەڵک وەرگرتن لە زمان و کولتووری سەردەست رێگایەک بووە بۆ سەرکەوتن بە سەر زمان و کولتووری نەتەوەی ژێردەست و لێک هەڵوەشاندنی تان وپۆی کولتووری و زمانی ئەوان، بەڵام تاقە رێ بۆ سەقامگیر کردنی دەستەڵاداریێتی و ئەندیشەی پەرەدار، ئامادەیی ڕاستە وخۆ و دەست تێوەردانی ئاشکرا لە زمان و شوناسی نەتەوەی ژێردەست نیە، بەڵکوو دەستەڵاتی سەردەست بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدگەلێکی وەک؛ خوێندنەوەی لایەنگرانە، خستنە رووی وێنەی ناواقعی و ناتەواو لە شوناس، زمان و کولتووری ئەوی تر، بە شێوەیەکی دیکە حەولی لاواز کردن و ناحەز نواندنی ئەو کولتوورەی داوە. زەقترین نموونەی ئەو خوێندنەوانە دەتوانێ ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاوایی یەکان بێ، کە بە شێوەیەکی نەریتی لەپێناو دوو مەبەست دا چالاکی نواندنووە: ئەلف: «شەرعییەت بەخشین بە زێدەخوازی و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لە بەر چاوی دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکان و ئەو کەسانەی ئەو دەوڵەتانە هەڵدەبژێرن. ب: پێمل کردنی خەڵکە ناوچەیی یەکان بەوەی کە کولتووری ڕۆژئاوا نیشاندەری ژیاری جیهانییە و وەرگرتنی وەها کولتوورێک لە بەرژەوەندی ئەوان دایە. بۆ وێنە ئەوان لە بارودۆخی دواکەوتویی و خۆرافە، کە تێی دا دەژین رزگار دەکا و دەیانکاتە هاوبەش و هاوبەرژەوەندی پێشکەوتووترین ژیارێک کە تا ئێستا جیهان بە خۆیەوە دیوە».8 ئەو جۆرە لاگیرییە بە مەبەستی خەملاندنی دوو وێنەی دژبەیەک دەخرێتە ڕوو. یەکیان وێنەیەکی ڕوون و لەبار و بەکار لە کولتوور و ژیاری ڕۆژئاوایی یە، کە وەک تاقانە فریاڕەسی مرۆڤایەتی، بۆ دەرباز کردنی لە تاریکی و نەزانی و خۆرافە دەناسرێ، هەڵبەت تێکڕای ئەوانە بە مەبارەکی کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی دەوڵەمەند و جیهانییەوە دەست دەدا. وێنەی دووهەم؛ وێنەیەکی تەماوی لە کولتوور و زمانە ناوچەیی یەکانە کە لە سەر بڕوای پڕوپووچ و دواکەوتوویی و دووری لە عەقڵانییەتی ئەمڕۆیی مەییوە. تا لەو ڕێیەوە تاکە کەس لە کولتووری ناوچەیی دا، بە جۆرێک لە بێزران و دوورەپەرێزی لە کولتوور و زمانی ناوچەیی بگا و بە مەبەستی گەیشتن بە مەزنایەتی و سەرتر بوون، ڕێی توانەوە لە ئەوی تردا بگرێتە بەر و تووشی ئەوی ترخوازی بێ. «ئیدوارد سەعید» بیرمەندی پۆست کلۆنیاڵ دەڵێ: «ئەمریکای ئەلکترۆنی و پاش مودێرنی سەدەی بیستەم، وێنەی نامرۆڤانە لە عەرەبەکان دەچەسپێنێ و ئەو داگەڕانە بە هۆی کێشەی عەرەب و ئیسرائیل ڕەوتێکی خێرای بەخۆوە گرتووە. لە ڕوانگەی سەعیدەوە ئەو وێنانەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی بە دەستەوە دەدا، گرینگ نیە کە تا چ ڕادەیەک بە پێی قەست و نیەتی پێشۆوە بن، گرینگ ئەوەیە کە هەمیشە بەشێک لەو

گوتارە ڕووخێنەر و ماڵ وێرانکەر بووە.»9 بە پێی ئەوەی گوترا، ئەگەر ئەمریکا وەک دەستەڵاتێکی جیهانی بیر لە کزی و هەرەس هێنانی ورەی عەڕەب لە ئاست توانای ئیسرائیل دەکاتەوە، جگە لەو هەمووە پشتگیرییەی لە ئیسرائیل دەکا، بە دەستەوداوێن بوونی ماکەی زمان و دەق، جا چ زمانی ئەدەبی، مێژوویی و توێژکاری بێ و چ دەقی وێنەیی، حەول دەدا، وێنەیەکی نامۆ و ترسێنەر و ناڕەسەن لە ئەوی تر بە خەڵک بناسێنێ. ئەو بابەتە سەبارەت بە تاقمێک لەو وڵاتانەش کە فرەنەتەوەن و بەپێی بنەما دێمۆکراتیکەکان بەڕێوەناچن، وە ڕاست دەگەڕێ. چونکوو نەتەوەی سەردەست هەم لە ڕێی دزە کردنی ڕاستەوخۆی زمانی و کەلتوورییەوە حەولی لاواز کردنی نەتەوە ژێردەستەکان و داپڵۆسینی زمان و کولتوورەکەیان دەدا و هەم بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو توواناکانی ڕاگەیاندن و بە خستنە ڕووی وێنەی ناواقعی و تەنانەت نامرۆڤانەش، لەوان، حاشا کردن لە شوناس لە مابەین نەوەیەک لە دوا یەکەکانی نەتەوەی ژێردەست برەو پێدەدا و سەرەنجام خۆشەیان دەکا بۆ وەرگرتنی کولتووری بەرزی نەتەوەیی و تووڕ هەڵدانی کولتووری ناوچەیی. خستنە ڕوو و داسەپاندنی زمان وەک بەرچاوترین کەرەسە و چەکی پێوەندی کولتووری و ڕاگوێزتنی واتا، یەکجار شوێن دانەر و کاریگەر بووە و هەیە. داگیرکاران و نەتەوە سەردەستەکان بەردەوام تێکۆشاون بە وە بەر چاو خستنی ڕووبەڕوو بوونەوە بنەڕەتییەکان لە بواری دەروونیشەوە بە سەر ژێردەستەکان دا زاڵ بن. «بە ڕەووبەڕوو بوونەوە و لە بەڕیەک ڕانانێک کە گوتاری ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات دایدەمەزرێنێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بنەڕەتی دیکەش سوود وەردەگرێ کە بریتییە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پیاو و ژن، سروشتییە کە ڕۆژئاوا ڕۆڵی جەمسەری پیاوانە دەگێڕێ: ڕوون، هزرمەند و پێشکەوتە و ڕێک وپێک. ڕۆژهەڵاتیش ڕۆڵی ژنانەی هەیە، بێ هزر، ناکارامە، تۆڕ و هەستیار».10 کەواتە دەستەڵاتی سەردەست تێدەکۆشێ بەردەوام بە دامەزران و خستنە ڕووی ئەو گوتارانەی لە ئاکام دا ئافراندنی زمانێکی گۆشەدار و دەستەڵاتخوازیان لێدەکەوێتەوە، بچێتە ململانی نەتەوە ژێردستەکان. گوتارێک کە بەو شێوەیە بەرهەم دێ «ئەگەرچی بەڕواڵەت سەرەنجی لە سەر زانیاری چڕ کردۆتەوە، بەڵام بەردەوام پێوەندییەکانی.دەستەڵات سەقامگیر دەکا.»11 لە خستنە ڕووی گوتارێک کە لە سەر بنەمای لەبەریەک ڕانانی (ژن/پیاو) پێکهاتووە، بەڕواڵەت ناسیارییەک لە توانای جەمسەری پیاوانە، بە وەسفی تایبەتمەندی و لێهاتوویی و توواناکانییەوە دەستەبەر دەبێ و تێگەیشتنێک لەمەڕ جەمسەری ژنانە، دوورە هزری، ناکارامەیی، ئیفلیجی و دەستەوەستانی ئەو جەمسەرە خۆ دەگرێ. بەگشتی لە بەستێنی زانیاری دا ئاگایی یەک بیچم دەگرێ کە زمان و یارییە زمانییەکانی گوتارساز لەودا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. زمانێکی مەزن، هێرشکار و دەستەڵاتخواز، کە پاساودەری پێوەندی دەستەڵات و زاڵ بوون بە سەر ژێردەست دایە. هەر بەو پێیە «مایکێل پین» بڕوای وایە کە «ئیدوارد سەعید» لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی وەک گوتارێک نایهەوێ «ئەوە بخاتە ڕوو کە ئەو بینا زمانییە تا چ ڕادەیەک ڕوخساری واقعی ڕۆژهەڵاتی لۆچ و گێڕ کردووە، بەڵکوو دەیهەوێ ئەو پێکهاتەیە وەک زمانێک، بە یەکپارچەیی، هانە و توانای دەروونی خۆیەوە و بۆ دووبارە نواندنەوە، بە پاڵپشتی پێوەندییەکی دەستەڵات و زاڵ بوون بە سەر ڕۆژهەڵات دا بخاتە بەرچاو و بینوێنێ.»12 دژکردەوەی ژێردەستەکان و ئاڕاستە جیاوازەکانبە پێی ئەوەی گوترا، دستەڵاتداران بە خستنە ڕووی گوتاری زاڵ و پەرەدار، تێکۆشاون بوارگەلێک لە زانیاری بەدی بێنن کە پێوەندییەکانی دەستەڵات سەقامگیر بکا و بە پێکهێنانی لە بەریەک ڕانانە بنەڕەتی یەکان حەولیان داوە جەمسەری دستەڵاتخواز بە ئەرێ، هزرخواز و ئاڕمانجی و جەمسەری لاواز کراو و نەتوانا بە دژەهزر و ناعەقڵانی بناسێنێ. لە لایەکی دیکەوە بە ساز کردنی بنکەگەلی خوێندنەوەی فرەچەشن و کەڵک وەرگرتن لە تێکڕای توواناکانی ڕاگەیاندن و . . . حەولیان داوە ڕوخسارێکی ڕوشاو و لێڵ لە

نەتـەوە ژێردەسـتەکان و لـە کولتـوور و زمانەکـەیان وێنـا بکـەن، تـا بـەو جـۆرە هـەم بخزێنـە نـاو کولتـوور و زمانەکەیانەوە و لە ناخەوە بیپووکێننەوە و جگە لە توێکڵێک هیچی بۆ نەهێڵنەوە، هەم لـە بـواری دەروونیشـەوە زەینی ئەوان بەرەو دەستەڵاتی زمان و کولتووری خۆیان وەرسـووڕێنن و بـە جۆرێـک لـە جۆرەکـان ئـەوان بـەرەو دوورەپەرێزی لە ڕەسەنایەتی خۆیان پەلکێش بکەن. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەگـەر ئـەو هێرشـانەی گـۆڕین، واقعـی و بـەردەوام و هەمیشـەیی بـوون و هـەن، ئـەی ئـەو جۆراوجـۆری زمـانی و کولتوورییـەی ئـەمڕۆ نیشاندەری چیە؟ ئایا کولتوور زمانی ئێستای کۆمەڵگاکانی بەشەری هەموویان هێرشـکار و داگیرکـەر و بـەهێزن؟ ئەگەر نا، ئەی نهێنی مانەوەی ئەوان لە چـی دایـە؟ بـە پێـی ئـەو بەڵگانـەی لـە دەقـەکانی نووسـراو لـە پانتـای نووسـینی نەتەوەکانـەوە دەیـانبینین، دەتـوانین بـە وردی هەڵـدان و گەشـە و تێـداچوونی زمـان و کولتوورەکـان بخوێنینەوە و دواجار بگەینە ئەو ئاکامەی کە پەرچەکرداری زمـان، شـوناس و کولتـووری ژێردەسـت لـە بەرانبـەر دەستەڵاتخوازان، تاقانە هۆکاری مانەوەی ئەو نەتەوانە و میراتی زمانی و کولتووری ئەوان بووە. بە سرنج دان بە دوو جۆر کولتووری ژێردەست کە لە پۆلێن بەندییەکانی پێشوودا ئاماژەیان پێکرا؛ واتە کولتوورێکی ژێردەست کە جگە لە بەرتەسکی و سنووردار بوونی، لە ئاست کولتووری باڵادەسـتیش دا وڕ و سـەر سـوڕماوە و ئاراسـتەیەکی ناکارامەی لە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو کولتووره گرتۆتە بەر. وەها کولتوورێک بەرەبەرە یـا کـاژ فـڕێ دەدا و ڕواڵەتێکی تر بە خۆوە دەبینێ کە ڕواڵەتی ڕەسەنی ئەو نیە، یان بەگشتی لە بیـر دەچێتـەوە. جـۆری دووهـەمی کولتووری ژێردەست یا بەرتەسک. کولتوورێکی بەرتەسک، بەڵام پڕ وزە و چالاکـە، کـە لـە بەرابـەر فاکتـەرەکانی کولتووری باڵادەست هستیارە و ئاشنای کۆدەکانی کولتووری هێرشکارە. ئەو کولتـوورە ئاراسـتەیەکی داهێنەرانـە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە هەڵدەبژێرێ و بەردەوام دەستەوداوێنی «دژەژار سـازی کولتـووری» و بەرهەمـە زمانییـەکان دەبێ تا لەو ڕێیەوە درێژە بە بوون و مانەوەی خۆی بدا. ئەو کولتوورانە بە خستنە ڕووی « نیزامێک لـە گـوزارە و دیعاییەکان» و بەرهەمی فەرهەنگی ـ فیکری گوتارێکی چالاک بەرهەم دێنن کـە بەسـتێنی زانیـاری پێوەندیـدار بەوەوە لە بەرانبەر بەستێنی بەربڵاوی گوتاری سەردەست ڕادەوەستێ. هەڵبەت ئەوە سەرەڕای ئەم نەتەوانەیە کە بـە جێـی گوتـاری کولتـووری یـان تـەریب لەگـەڵ ئـەو، دەسـتەوداوێنی تونـدوتیژی چەکداریش دەبنـەوە، بـەڵام کەرەسـەی بـە کـار و لـەبارتر ڕووبـەڕوو بوونـەوەی زمانییـە کـە خـۆی لـە چوارچێـوەی بەرهەمـە فیکـری - کولتوورییەکان دا ڕێک دەخاتەوە. بە ڕەوڕوو بوونەوە و دژکردەوە لە بەرابـەر هێرشـەکانی دەسـتەڵاتخواز چ لـە هەرێمی زمان و کولتوور و چ لـە بـواری تێکهەڵچوونـە چەکداری و سـەربازییەکان دا، بـەردەوام پانتاگـەلێکی لـە مێژووی کۆمەڵگاکان دا کردۆتەوە، کە لە ئاکام دا یا بۆتە هۆی بەرهەم هێنانی بیرێکی نوێ و گوورانی گوتارێکی تازە، یان بۆتە هۆی مانەوە و پارێزرانی زمان، شوناس و نیشتمانی ژێردەست. تەنانەت لە زۆر شوێنیش دا، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بزووتنەوە فیکری ـ فەرهەنگییەکان، بە کـە ڵـک وەرگـرتن لـە کەرەسـەی بـەهێزی زمان، لەگەڵ بزووتنەوەکانی سیاسی و بە مەبەستی پاراستنی شوناس و سامانی کولتووری بوونەتە هاوڕێی و لـە تـەبایی یـەکی تـەواو دا پلانێکیـان داڕشـتووە کـە مەبەسـتێکی هاوبەشـی لـە پشـت بـووە. بـەو ڕادەیـەی کـە « بزووتنەوەی ڕەش پێستەکانی ئەمریکایی خۆی بە لقی کولتووری بزووتنەوەی سیاسی دستەڵاتی ڕەشەکان دەزانی کە لە دەیەی 1960دا سەری هەڵدا.»13 ڕەشەکان وەک کەسانی خاوەنی کولتووری ژێردەست، بە هـەڵبژاردنی دوو جۆر پەرچەکردار، واتە توندوتیژی چەکداری و بەرەوڕوو بوونەوەی زمانی و دەقی، چەندین ڕێی جیاوازیان بۆ دەرباز بوون لە هەستی سووکایەتی شوناس و زمانی بە هێندنەگیراوی خۆیان تاقی کردۆتـەوە. هەڵبـەت ئـەوەش دەلاقەیەکە کە زۆربەی نەتـەوە ژێردەسـتەکان ئەگـەر توانیبێتیـان و هـەلیان بـۆ ڕەخسـابێ، وزاقـی خۆیـان داوەو

لەوێوە ڕوانیویانەتە داهاتووی ڕوونی خۆیان و بە خستنە بەر ڕەخنەی سیاسەتی دەستەڵاتخوازان لە بوارەکانی کولتووری و سیاسی دا، بە گەرمە داگەڕان و ویستی خۆیان بۆ پشت بەستن بە کولتووری خۆماڵی نیشان داوە. هەر وەک گوترا بەرەوڕوو بوونەوە لە بەرانبەر هێرشە زمانی و کولتوورییەکان گوتارگەلێکی ورد، بەڵام چالاکی لە ئاستی کۆمەڵگادا بەدیهێناوە. ئەو گوتارانە بە پێی بەربڵاوی و جەغزْی پەرەگرتنیان و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێکهاتەی لێی ساز بوون، دەتوانین بە سەر دوو بوار دابەش بکەین. گوتارێک لە بەستێنی جیهانی دا و ڕاست لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاوایی، چەوساندنەوەی کارائیبی، داگیرکردنی وڵاتانی هاوبەرژەوەند و . . . دەوێستێ. گوتارێکیش لە بەستێنی بەرتەسک تری ناوچەیی دا، لە بەرانبەر چەوساندنەوە و سووکایەتی پێکردن و هێرشی گەلی سەردەست قوت دەبێتەوە. ئەو گوتارە بەتایبەت لە وڵاتانی فرەنەتەوە کە یەکێک لە نەتەوەکان وەک نەتەوەی سەرتر، نەتەوە ژێردستەکان دەچەوسێنێتەوە، چالاکە. لە بەستێنی جیهانی دا گوتاری پۆست کلۆنیالی، خوێندوەی کارائیبی و خوێندوەی وڵاتانی هاوبەرژەوەند، بەرهەمی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هێرشە بەربڵاوەکانی دەستەڵاتخوازانە. لە بەستێنی بەرتەسک و ناوچەییش دا، گوتاری ئەدەبیاتی کەمینە، پانتایی یەکی لەبارە کە نووسەری زۆری پەروەودە کردووە.

خوێندنەوەکانی پۆست کلۆنیالیستی و «ماکەی زمان» «زاراوەی خوێندنەوەکانی پۆست کلۆنیال، بەگشتی هەڵگری هەر چەشنە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە ئاکام و کاریگەرێتی داگیرکاری ئەوروووپایی، لە سەر زۆرینەی کولتوورەکانی دونیا. هەروەها سەرلەبەری ئەو لقە ئاکادیمیانەش دەگرێتەوە کە لە بنکە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی سەراسەری جیهان، کەڵک [لەو خوێندنەوانە] وەردەگرن». 14 نووسەران و بیرمەندانی پۆست کلۆنیال بە سەرنج دان بەو دەقانەی داگیرکەران بەرهەمیان هێناوە، هەروەها بە ناسین و ئاگاداری لە کردەوە و ڕەفتاری سیاسی و کولتووری ئەوان لەگەڵ وڵاتانی دیکە، خەریکی تاوتوێ کردنی ئاراستەی گۆشەداری خوێندنەوەکانی داگیرکاری و کردە و کاردانەوەی دەستەڵاتی ئەوان بوون و «ئیمپریالیسمی زێدەخواز و دەستدرێژی دەستەڵاتە داگیرکەرەکان و بەتایبەت ئەو نیزامە بایخییەی پشتیوانی لە ئیمپریالیسم دەکا و تا ئێستاش لە دونیای ڕۆژئاودا هەر باوی ئەوە، بە توندی لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو دەکاتەوە». 15 ئیستیعمار (داگیرکار) چ لە چوارچێوەی کۆنی خۆی دا و چ لە قاوغی نوێی دا، بەردەوام حەولی داوە بە کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی جیاواز و سەرتر و دەستەواژە و واتای نامۆ و ناشنا بەڵام سەرنج ڕاکێش و ڕاڤەهەڵگر، لایەنگەلێکی جۆراوجۆر لە کولتووری خۆی کە خاوەن تام و بۆنێکی ئەوڕۆیی و سەردەمین بخاتە ڕوو، تا لەو ڕێیەوە بە سووک و ناسەردەمییان ناساندن و ناکارامە و پرژوبڵاو ناودێر کردنی کولتووری ژێردەستەکان، ئەوان بەرەو کۆیەک پەلکێش بکا کە بۆخۆی نوێنەرایەتی دەکا. ئەگەرچی لە زۆربەی واتا جۆراوجۆرەکانی بواری زانیاری، کە گوتاری زاڵ بەرهەمی هێناوە، ناتوانین وەک هۆکارگەلێکی کاریگەر و بە کەڵک نکۆڵی بکەین، بەڵام ئەوەی دردۆنگی هەڵاییسێن بووە و ئێستاکەش هەیە، کەڵک وەرگرتن لەو دەستەڵات و زاڵ بوونەیە کە ئەو واتا و زانیاریانە بۆ ئەوانی دەستەبەر دەکەن. هەر بەو هۆیە توێژکارانی پۆست کلۆنیالی وەک «ئیدوارد سەعید»ی مەسیحی بە ڕەچەڵەک فەلەستینی، «هوومی بەهابەها» ڕووناکبیری بە ڕەسەن هیندی، «گایاتری چاکراوێرتی ئیسپیواک» فیمینیستی بەنگالی، کە هەموویان بۆخۆیان پێوەندییەکی دوو جەمسەرەیان لەگەڵ ئەو بابەتە هەیە، بنەڕەتی ترین کێشە و دڕدۆنگییەکانیان لە هەمبەر ئەو گرفتە خستۆتە ڕوو. بەو هۆیە پێوەندی ئەو بیرمەندانەم بە دوو جەمسەرە ناودێر کرد کە ئەوانە بۆخۆْیان لە بواری زانیاری دا، لە گوتاری دەستەڵاتیش کەڵکیان وەرگرتووە، یان لانی کەم دەتوانین بڵێین ئاگاداری گەی بە گەی پەیکەری ئەو گوتارەن و لە لایەکیشەوە نە تەنیا لەگەڵ

گوتاری ژێردەستان لە پێوەندی دان، بەڵکوو بۆ خۆیان بنیاتنەر و گەلاڵە دارێژەری ئەو گوتارە و ئەو بەستێنە زمانییە بوون، کە لە سەر بنەمای سامانی «کولتووری ـ زمانی» چالاکی ژێردەستانەوە چوونەتە مەیدانی ململانێی سەردەستان و بیریان لەگەڵ بە زۆران داون. «ڕوانگەی پۆست کلۆنیالی هەر ڕاست وەک ڕوانگەی «گرووپە پەراوێزییەکان» لە واتای باو و بەربلاوی دا، دڕدۆنگی کردنێکی بنەڕەتییە لە واتاگەلێکی وەک پێشکەوتن، هاوشێوەیی، کۆی ئەندام ئاسای کولتوور، نەتەوەی مەزن و ڕابردووی کۆن، کە مودێرنیتە بۆ شیاو نواندنی داسەپاندنی دەستەڵات و زەبروزەنگ بە ناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەیانخاتە گەڕ» .16 بیرمەندانی پۆست کلۆنیالی بە جەخت لە سەر شوناسی زمانی و کولتووری و ڕوانینێکی نوێ بۆ پێوەندی دەستەڵات و ژێر دەستەکان، خوێندنەوەیەکی تازەیان لە دەقی ئاڵۆزی جیهان و کۆمەڵگاکانی جیهانی بە دەستەوە داوە. ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەی بەرگریکەرانەی ئەو بیرمەندانەوە، جیهان و کۆمەڵگاکانی جیهان کە لەو چوارچێوەی پۆلێنکارییەکانی پێشوودا، بە کۆمەڵگا یان کولتوورەکانی سەردەست و بن دەست دابەش کران، بخەینە بەر تیشکی سەرنج و تێڕامانەوە و دڕدۆنگییەکانی ئەوان، کە سەرەکی ترین بەشی کێشە هەڵاییسێنی بۆچوونەکانیان پێک دێنێ تاوتوێ بکەین، بەو ئاکامە دەگەین کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو خوێندنەوانە گۆشەدار و تاک لایەنەن، چونکوو دڕدۆنگی کردن لە واتاگەلی وەک پێشکەوتن، کۆی لەش ئاسای کولتوور، ڕابردووی کەون و میراتی کولتووری، نیشاندەری جۆرێک داگەڕان بەرەو دوا و کۆنەپەرستی و حاشالێ کردن و وەلانانە. ئایا دەبێ کۆمەڵگا ژێردەستەکان هەر تەنیا لە بەستێنی داخراو و ساکاری کولتووری دا وەک بەشێکی نەگۆڕ لە کۆمەڵگای جیهانی وەرگرین؟ لە کاتێک دا کە کۆمەڵگا سەردەستەکان بەردەوام لە نوێبوونەوە و گۆڕان دان، ناکرێ جۆرێک گۆڕان لە سەر بنەمای ڕەسەنایەتییەکان و بە یارمەتی ڕەوتێکی ڕووەو داهاتوو بۆ کۆمەڵە ژێردەستەکان لە بەر چاو بگیرێ و پلانی بۆ دارێژرێ؟ زمان وەک ماکەی سەرەکی شوناسی سەربەخۆ کە لە بەستێنەکانی وەک ئەدەبیات، ئوستوورە و نەریتەکان دا خۆ دەردەخا، لەگەڵ ڕەوتی ڕوو لە داهاتووی کۆمەڵگاکان و بڵاو بوونەوەی بەردەوامی هزر و تێکنۆلۆژیای پێوەندیدار بەوەوە چ چارەنووسێکی دێتە ڕێ؟ پێشکەوتن لە زمان دا، وەک ماکەیەکی شوناس ساز، چ واتایەک لە زەین دا دەنەخشێنێ؟ گۆڕانی زمان و بە شوێن ئەویش دا گۆڕانی شوناس و لە ئاکام دا مەسخی کولتووری و داگیرکرانێکی نوێ؟بەو پێیە بیرمەندانی پۆست کلۆنیالی دەبێ ڕێیەکی تریش بگرنە بەر، کە ئەویش بریتییە لە هەڵبژاردنی «ئاراستەیەکی هاودڵانە» لە بەرانبەر نوێبوونەوە و گۆڕانی تەنانەت بەشێکی مەزن لە هزر تێفکرینی کولتووری سەردەست. ئەگەر گریمانەی یەکەم بسەلمێنین ئەوا دەبینین، ڕووناکبیرانی پۆست کلۆنیال بە خستنە ڕووی خەسارەکانی گۆڕانی کولتووری و هێرشی زمانی و تێکنۆلۆژێکی، ئەویش نەک بە پێی پێویستی و بارودۆخی زەمان و زەینی کۆمەڵگا، بەڵکوو بە پێی ویستی بێ لغاو و بەستێنی داگیرکار، لە هەموو ڕووبەرەکانی کولتووری، سیاسی و ئابووری دا، بۆ سەپاندنی دەستەڵاتی خۆیان دەیانهەوێ جۆرێک گەڕانەوە و پاڵدانەوە بە کولتووری خۆماڵی و زمانی ناوچەیی یەوە برەو پێ بدەن و «وێنەی ڕووشار» و سیمای تێکچووی خۆیان بە دەست داگیرکرانەوە لە قاو دەن و وێنەیەکی ڕاست و لەبار لە خۆیان دابرێژنەوە. ئیدوارد سەعید نیشانی دا کە چلۆن داگیرکار بۆ ناسینی کولتووری وڵاتە داگیرکراوەکانی، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێیەکی باش بۆ بەڕێوە بردنیان حەول دەدا و حەولەکەشی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی «ئەویتر»، لە ئەویترەکانیش وێنەی پرژوبڵاوی وەک ڕۆژهەڵاتییە پڕ گرێ و گۆڵەکانی هەزارویەک شەو، هێندییە ژنانیلەکان، وەحشییەکانی ئەفریقایی و خەڵکی بەدخواز و بەدخو و خرا ڕوو، ئەو وێنانەش سەرەنجام لە ئەدەبیاتی وڵاتانی داگیرکەردا ڕەنگی داوە»17 لە بارودۆخێکی ئاوادا سروشتییە کە ئاراستەی ڕووناکبیری پۆست کلۆنیال،

ئاراستەیەکی بەرگریکەرانە بێ، تا بەو شێوەیە پلانی بەرنامە بۆ ڕێژراو و نەخشەی سەردەست لە قاو درێ و چییەتی گۆشەدار و وێرانکەری ڕوون بێتەوە. چونکوو ئەو ویست و داگەڕانە بە مەبەستی گۆڕینی وێنەی ڕەسەنی ژێردەستەکان و ساز کردنی ئەویترێکە، کە نەشیاو و ناڕەسەن و نامۆیە، ئەوەش تەنیا لە بەستێنی ویستێکی دەروونی دا نامێنێتەوە و بەرەبەرە لە ڕێی زمانەوە دەخزێتە ناو ئەدەبیاتی داگیرکارییەوە، ئەدەبیاتیش بە یارمەتی زمان کاردانەوەیەکی یەکجار زیاتری لە هێرشە چەکدارییەکان دەبێ و بۆ چەسپاندنی ئەو وێنە ڕووشاو و ناڕەسانانە نە تەنیا کەرەسەیەکی لەبار، بەڵکوو زۆر کاریگەر و وێرانکەریشە. ئەو شتەی لە پێوەندی سەردەست و بن دەست، داگیرکار و داگیرکراودا تووشی زیاترین خەسار دەبێ، بابەت گەلێکی وەک گۆڕانی ڕەگەزی و نەتەوەیی یە کە بەرەبەرە بە هۆی نزیک بوونەوە و وێک کەوتن لەگەڵ ژێردەست دەسوێن. سەردەستەکان شوێن لە سەر زمان دادەنێن و لەو ڕێیەشەوە گۆڕان لە شوناس و ڕەسەنایەتی دا بەدی دێنن. سەردەست بە گۆڕانکاری لە زمان و زاڵ بوون بە سەر هزری ئەویتردا، لە ڕێی زمانی داسەپاوی خۆیەوە، ڕەوتێکی خێراتر بە بزاڤی شوناس سڕینەوە دەبەخشێ، خولی شوناس بەخشینی خۆی خێراتر دەکا، لە ڕێی بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە شوناسی زمانی و بەو بۆنەیەوە شوناسی کولتووری، بەو دەستەڵاتەی لە ڕێی زمانەوە سەقامگیری کردووە، دەستەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە هێوری و بێ دەردی سەرتر دادەسەپێنێ. ئێستا چاوێکی دیکە بە پرسیارەکەی پێشوودا دەخشێنین: ئایا کۆمەڵە ژێردەستەکان دەبێ تەنیا لە بەستێنی ساکار و داخراوی کولتووری خۆیان دا بهێڵینەوە؟ هەروەها پرسیارەکانی دوای ئەوەش کە بە تێکڕا دڕدۆنگین لە بەرانبەر «کەڵکەڵەی ڕووناکبیرانی پۆست کلۆنیال» و دڕدۆنگییەکەیان سەبارەت بە گۆڕان و نوێ بوونەوە و پێشکەوتنی ژێردەستەکان. بە سرنج دان بەو بابەتە دەتوانین بڵێین ڕووبەری یەکەمی خوێندنەوەکانی پۆست کلۆنیال کە ڕووبەرێکی بەرگریکارانەیە حاشا لە پێشکەوت و گۆڕانکاری ناکات. بەڵکوو لە ڕوونی و ساخییەکەی دڕدۆنگی دەکا هەروەها بە جەخت لە سەر «شوناسی خۆماڵی» و جیهان لە ڕوانگەی خۆوە دیتن و بە زمانی خۆماڵی شرۆڤە کردنی، لە سەر جۆرێک گۆڕانی ناوچەیی و خۆماڵی کە هاوڕەوت و هاوشێوەیە لەگەڵ جیهان و ڕووەو داهاتوویە، جەخت دەکا. زاتی ئەو دڕدۆنگییەش کە خوێنەرانی ئەو بوارەی هزر و تێفکرین دەیخەنە ڕوو، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم دڕدۆنگییە لە جۆری حاشاکەر و دوور لە ڕاستی نیە، بەڵکوو دڕدۆنگییەکە بە مەبەستی ناسیاری و خەسارناسی سەری هەڵداوە. بەو واتایەی کە هەموو شتێکی داگیرکار و دەستەڵاتخواز و سەردەست ناتوانین بە هیچ مەزەندە بکەین و وەبەر چاوی نەگرین و بە گوتەی «ئیسپیواک» تووشی جۆرێک «ڕەگەزپەرەستی بەرئاوەژوو» بین. ئیسپیواک کە بۆخۆی یەکێکە لە بیرمەندانی پۆست کلۆنیال، دەتوانێ نوێنەری ئەو ئاراستەیە بێ کە پێشتر بە ئاراستەی هاودڵانەمان ناودێر کرد. چونکە ئەویش جگە لەو بەرەو ڕووبوونەوەیەی لە ئاست داگیرکاردا دەیخاتە ڕوو، ئەو شتانەی کە گرینگ و بە بایەخن وەردەگرێ و بەو شێوەیە پێ لە سەر «ڕاوەستانی ناکارامە» داناگرێ، بەڵکوو باوەش بۆ «چالاکی ئاگایانە» دەکاتەوە.«ئیسپیواک لە ڕەخنەگرانی توندونیژی ڕەگەزپەرەستی بەرئاوەژوویە، کە بە ڕاونینێکی دەمارگرژانەوە، تێکڕای نووسراوەکانی جیهانی سێهەمی بە مەزن و بە نرخ و بەرهەمەکانی ڕۆژئاواش بە بێ کەڵک و پڕوپووچ بەرئاورد دەکا».18 گۆشە نیگای پۆست مودێرنیستی ئەو ڕووناکبیرانەش ڕاست لەو دەلاقە و ڕوانگەیەوەیە کە بە باشی دەر دەکەوێ. «پۆست کلۆنیالی و واتا و ناوەڕۆکەکەی، بەرهەمی ئەندێشە پۆست مودێرنیستییەکانە»19 و پاساوی ئەو گوتەیەش دەتوانێ دروشمی ناسراوی پۆست مودێرنەکان، واتە: «تێفکرینی جیهانی و کردەوەی ناوچەیی» بێ. ئەو جەختەی ڕووناکبیرانی پۆست کلۆنیال لە سەر کولتووری خۆماڵی دەکەن، نیشاندەری کۆنەخوازی و گەڕانەوە

نیە، بەڵکوو نیشانەی گرینگی دان بە ڕەسانەیەتی و لە هەمان کـاتیش دا بیرکردنـەوەی جیهانییـە. لێرەدایـە کـە پرسیاری دووهەم کە پێشتر وڕووژا وڵام دەدرێتەوە؛ لە کاتێک دا کە کۆمەڵگا سەردەستەکان بـەردەوام لـە نـوێ بوونەوە و گۆڕان دان، ئایا ناتوانین جۆرە گۆڕانکارییەک پێش بینی بکەین و گەڵاڵەی بۆ دارێژین؟ بە جـەخت لـە سەر ڕەسانەیەتییە ناوچەیی یەکان و هاوڕێ بوون لەگەڵ دروشمی «تێفکرینی جیهانی و کردەوەی ناوچەیی» یـە کە دەتوانرێ وەها گەڵاڵەیەک دابڕێژرێ، ئەوەش بیرۆکەیەکـە کـە لـە بەشـێک لـە بۆچـوونی ڕووناکبیرانی پۆسـت کلۆنیال هەڵدەگوێزرێ. بەڵام ئەوەی وەک گرێپووچکەی ئەم خولە تاقـەت پڕووکێنـە دەمێنێتـەوە. زمـان، توانـا و شوێن دانانی زمانە، کە وەک ماکەی سەرەکی شوناس بەخش باسی لێدەکرێ. ئاراستەی ڕووناکبیرانی ئـەو بـوارە لە ئاست زمان دا چیە و ئایا چارەنووسی زمان بۆ فاکتەرەکانی تر قوربانی دەکەن، یان جەختی لە سەر دەکەن؟ خوێندنەوەی بیروڕای ئەو نووسەرانەی ئاراستەیەکی بەرگریکارانەیان لە بەرانبەر هێرشی دەستەڵاتخوازی دا هەیە، ئەوەمان بۆ وەدەر دەخا کە بە گشتی بایخ و پلەوپایەی زمانیان ناسیوە و ئەوەیان نـەک تـەنیا وەک یـەکێک لـە هۆکارەکانی شوناس سڕینەوە ناسیوە، بەڵکوو وەک هۆکاری سەرەکی جەختی لە سەر دەکەن. «لـە زۆر خـاڵ دا ڕادەی هەستیار بوون بە نیسبەت زمانەوە لە ئاستێک دایە کە تاقمێک لە زمان ناسـەکان زمـان بـە دیـالکتیکێکی پۆشتە و تەیار بە سوپا و هێزی زەریایی دەشوبهێنن، خەڵکی وڵاتێک کـە لـە لایـەن زمانـەوە ئیسـتعمار دەکرێن ئیتر ناتوانن بە زمانی یەک گرتوو و دەست بۆ نەبراوی خۆیان بیر بکەنـەوە و لانـی کـەم بـۆ دەربـڕین و بـەراورد کردنی ویستە سەرەتایی یەکانی خۆیان لە زمانی ئیستعمارخوازان کەڵک وەردەگرن». 19 ئەو وابەستە بوونە لە بابەتە ئاسایی یەکانەوە دەست پێدەکا و بەرەبەرە وەک بەشێک لە زەینی گشتی لێـدێ، ژێردەسـتی ناکارامـە بـە وەرگرتنی زمانی سەردەست لە توێژە ڕواڵەتییەکان دا، وردە وردە لە بـاری دەروونیشـەوە ئامـادەی بیـر کردنـەوە بەو زمانە دەبێ و لە زمانی زگمـاکی خـۆی دوور کەوتنـەوە لـە زمـانی زگمـاکی، کـە ئیلهامـدەری داهێنـان و هـزر تێفکرینە، دوور کەوتنەوەیە لە شوناسی خۆماڵی و لکانە بە ئەویترەوە، ئەویش نەک بە مەبەستی مەزنی خوازی، بەڵکوو بە مەبەستی لە بیر بردنەوەی ڕابردوو و میراتی کولتـووری و زمـانی. لێرەدایـە کـە دڕدۆنگـی بیرمەنـدانی پۆست کلۆنیال لە بەرانبەر واتاگەلی وەک پێشەکەوت، کۆی ئەندام، ئاسای کولتـوور، ڕابـردووی کـەون و میراتـی تێفکرین دەسەلمێنین و ئەو گرێیەی بە نیسبەت ئەوانەوە لە زەینمـان دا خـۆی گرتبـوو دەڕەوێنـین. سەردەسـتی دەستەڵاتخواز لە ڕاگوازتنی زۆر واتادا لەگەڵ دڕدۆنگی دەستەوئێخەیە. لـە لایەکـەوە جـەخت لـە سـەر کولتـوور و کۆی لەش ئاسای کولتوور و ڕابردووی کەون و میراتی کولتووری دەکـا و لـە لایەکـەوە خـەریکی سـڕینەوەی ئـەو واتایانەیە لە بیری نەتەوە ژێردەستەکان دا. کەواتە دەتوانین بڵێین ئیستعمارخواز بە فێڵێکی زمانی و ئاڵۆزی لـە شـی کردنـەوەی ئـەو واتایانـەدا، خوازیـاری ڕەفتـارێکی دوو لایەنـە لەگـەڵ ئـەو بابەتانەیـە. بـەو واتایـەی کـە «ڕەگەزپەرەسـتی ڕاسـتەوخۆ» بـە ئاشـکرا لـەو ڕووبـەڕوو بوونەوەیـەی دا وەبـەرچاو دێ. ئـەو ڕابـردووی کـۆن و میراتی کولتووری خۆی بە گرینگ و شایانی تێڕامان دەزانێ، جەخت کردنیشی لە سەر ئەو بابەتـە بـە مەبەسـتی قاڵ کردنەوەی ئەویترە لەو میرات و کولتوورەدا؛ تا ئەویتر بە وەلانـانی ڕابـردووی کـۆن و میراتـی هـزری خـۆی و تەبا بوون و ڕێکەوتن و توانەوە لە کولتووری ئەودا، لە بیچم بەخشین بە پێکهاتەی کولتووری ئەودا ڕۆڵ بگێـڕێ. زمان ئەو بەستێنە هەراوەیە کە بە یارمـەتی ئـەو سەردەسـت دەیهـەوێ ژێردەسـت لـە خـۆی بـەتاڵ و نـامۆ بکـا. چەوسارە چون ناچارە لانی کەم لە پلە سەرەتایی یەکان دا، واتە بۆ واتا گەیاندن و واتا وەرگرتن یان تێگەیانـدن و تێگەیشتن و پێوەندی کەڵک لەو زمانە وەرگرێ، بە بچووکترین لاڕێ بوون دەکەوێتە داوی لە خۆ نامۆ بوونەوە. ئیدوارد سەعید کە خۆی کۆچەرێکی بە ارەچەڵەک فەلەستینی و نیشتەجێی نیۆیۆرکە و هەروەها وەک یەکیَ لە

گەلاڵە داڕێژەرانی بیرۆکەی پۆست کلۆنیال ناسراوە، بە ئاماژە بۆ گرینگایەتی زمان، نە تەنیا بەرباسەکانی خۆی کە بریتین لە نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان، بەڵکوو خۆی وەک بابەتی ئەو باسە بە نموونە دێنێتەوە: « زمانێک کە ُ ّ ِمن و «ئەو» پێی دەئاخیَوین بەر لەوەی هی من بێ ملکی ئەوە. وشەکانی نیشتیمان، مەسیحییەت، ئەرباب و . . . لە سەر زار و لێوی ئەو واتایەکی تریان هەیە و دەگەڵ ئەو واتایەی مەبەستی منە یەک ناگرنەوە. شوێنی وشە و دەقەکان و تەنانەت لە هەندێ شوێن دا شێوەی بەکاربردنی ئەوان، بەتایبەت کاتێ لەگەڵ واتاگەلێکی وەک خاوەندارێتی، ئیختیارات، دەستەڵات و سەپاندنی هێزەکانی جۆراوجۆر پێوەندی پەیدا دەکەن، لە زەینی من و ئەودا وەک یەک نین. من هەرگیز ناتوانم ئەو وشە واتایانە بێ ئەوەی رووحم شەپۆلان بدا و بهەژێ، بێنمە سەر زارم یا بینووسم. زمانی ئەو بۆ من هەم ناسیاوە و هەم نامۆیە. من نە ئەو وشانەم گەلاڵە کردووە، نە وەرمگرتوون، بەڵام ناچارم بۆ هەڵبەستنی پردی پێوەندی کەڵکیان لێوەرگرم. کاتێ ئەو وشانە بە سەر زاردا دێنم، دەنگم دەنووسێ و دەڵێی رووحم لە ژێر سێبەری زمانی ئەودا دەسوێ». 20 ئیدوارد سەعید بە گوتنی «من ئەو وشانەم نە گەلاڵە کردووە و نە وەرمگرتوون» ئەو خاڵەمان وەبیر دەخاتەوە کە بە هەر رادەیەک منی ژێردەست لە ڕەوتی پێک هێنان و وەرگرتنی زمان دا ڕۆڵم هەبێ، هەر بەو ڕادەیەش دەتوانم باسی هزر و شوناسێکی سەربەخۆ و دەوڵەمەند بکەم. بەڵام ئەگەر منی ژێردەست وەها دەرفەتێکی بۆ نەڕەخسێ، وەرگرتنی زمانی سەردەستی بە سەر دادەسەپێ و وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا پەرچەکردار دەنوێنێ. بە ڕوانینێکی قووڵتر بۆ ڕابردوو ڕەوتێکی ڕوو لە داهاتووە خەریکی «دیسان بنیات نانەوەی» زمانی خۆی دەبێ. مەبەستیشی لەو کارە ئەوەیە کە وڵامی پێداویستییەکانی ئەمڕۆی بداتەوە. لێرەدا خستنە رووی وەرگرتنی زمانی ئەویتر، کە ئیدوارد سەعید باسی دەکا هەم دیاسپۆرا و هەم ئەوانەی بە زۆرەملی دوور خراونەتەوە و ئەوانەش کە بە ویستی خۆیان وڵاتیان بە جێ هێشتووە و لە ناخی زمانی سەردەست دا دەژین دەگرێتەوە. لەو وڵاتانەش کە لە زمانی سەردەست دوورن بەڵام دەکەونە ژێر تەوژمی ڕاگەیاندن و نووسراوەکانیەوە، بارودۆخ بە شێوەیەکی ترە و سروشتیشە کە دژکردەوەش لە جنسێکی دیکە بێ. ئەو رووناکبیرەی کە بە زۆرەملی یا بە ویستی خۆی شانی داوەتە ژێرباری تاراوگە و زمانەکەی کەوتۆتە بەر هێرش و بێ وڵات بووە، بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی زگماکی خۆی، پەروەردە کردنی ئەو زمانە، پەرەپێدان و داهێنەرێتی لە شێوەی بەکار بردن و بیر کردنەوەی بەو زمانە، خەریکی سەرلەنوێ دۆزینەوەی وڵاتە، چونکە «زمان لە ڕاستی دا بێ وڵاتی قەرەبوو دەکاتەوە، [زمان] لە ڕێی سەرلەنوێ دۆزینەوەی وڵات لە [ناخی] واتادا [قەرەبووی بێ وڵاتی] دەکاتەوە» 21ئەو رووناکبیرەی کە لە زمانی ئەویتر تەنیا وەک دەنگێک و بە مەبەستی پێوەندی ساز کردن کەڵک وەردەگرێ، تەنیا وەک کەرەسەیەک بۆ پێوەندی تێی دەڕوانێ «پیتی دەنگدار، دەنگێکی بێ وڵاتە» .22 ئەو لەو ڕێیەوە ناتوانێ دالدەیەک ببینێتەوە و ناچار وەک ئیدوارد سەعید دەڵێ: «ئەو [زمانە]م وەرنەگرتووە و ناچارم کەڵکی لێ وەرگرم»، یان بە وەرگرتنی تەواو و کەماڵی ئەو زمانە ڕۆڵێکی نوێ و بیرێکی نوێ و شوناسێکی گۆڕاو بۆخۆی بە دیاری دێنێ. بەڵام کۆمەڵگا ژێردەستەکان لە ژێر ئەو گوشارەدا پەرچەکرداری جۆراوجۆریان نواندووە. ئەو کۆمەڵگایانە بەگشتی ئاستی زمان و توانای زانستی و فەننی زمانەکەیان لە هی سەردەستەکان لاوازترە. «ناهاوشێوەیی یان جیاوازی لە ئاستی ژیانی کۆمەڵگاکانی پێشکەوتوو پێنەکەتوودا، بە هۆی جیاوازی ئاستی توانای زانستی و فەننی و لە ئاکام دا جیاوازی ئاستی توانای بەرهەمهێنانی کەرەسەکانی پێویستی ژیانەوە، لە زمانیْشیان دا ڕەنگ دەداتەوە» .23 ئەو کۆمەڵگایانە یا زمانی سەرتر وەردەگرن یا بە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی زمان دەیانهەوێ هاوڕێی گۆڕانەکان بن و زمانەکەیان لە مەترسی گۆڕان و شوناسەکەیان لە خۆفی رووشان ڕزگار کەن، چونکوو

«له جیهانی پێشکەوتە و مودێرن دا پێوەندی ڕاستەوخۆی، زاڵ بوون و دەستەڵاتی زمانی، زیاتر لە هەر چاخ و سەردەمێکی تر لە مێژووی مرۆڤایەتی دا خۆ دەنوێنێ. هەر چۆن دوای شۆڕشی پیشەیی مرۆڤ بە سەر سروشت دا زال بوو. پاشان بۆ بەراورد کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستی تێوەردا و بەشێکی زۆر لە چەشنە جۆربەجۆرەکانی گیا وگیانلەبەری لە ناو برد، یان لەگەڵ مەترسی فەوتانی بەرەو ڕوو کردەوە، لە دونیای زمانیش دا، سەردەست بوونی زمانە بەهێزەکان، کۆمەڵێک زمانی لە ناو بردووە و لەگەڵ مەترسی تەفروتوونا بوون دەستەوئێخەی کردوون»24نەتەوە ژێردەستە چالاکەکان هاوڕێ لەگەڵ ڕووناکبیرانی پۆست کلۆنیال لەگەڵ هێرشی زمانی نەتەوەی سەردەست دژایەتییان کردووە. ڕەخنەگرانی پۆست کلۆنیال بە نووسین و خستنە ڕووی ڕەخنە لە داگیرکەران و سیاسەتە کولتوورییەکانی ئەوان، لێیان وەدەست هاتوون. هەڵبەت زۆرتریش لە زمانی خودی داگیرکەران بۆ ڕاگەیاندنی بابەتەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە. لێرەدا هزری نەتەوەی ژێردەست و ڕووناکبیریی ئەو نەتەوەیە ڕادەگوێزرێ کە بێ شک بە زمانی خۆماڵی بیری لێکراوەتەوە و بە زمانی سەردەست خراوەتە ڕوو. ئەو چەشنە نووسراوانە و ئەو جۆرەی کەڵک وەرگرتن لە زمان کە بە مەبەستی کێشانەوەی وێنەیەکی ڕاست لە (خۆ) بە کار دەبردرێ. بە جۆرێک نیشاندەری «ژێستی کولتووری» ژێردەستەکانە. ئەو بابەتەی نووسەرانی کورد بە زمانی عەرەبی، تورکی و فارسی دەیخەنە ڕوو، کە زۆرتریش لە دەوری کۆمەڵ ناسی و خەڵک ناسی خۆماڵی دەسووڕێتەوە گرینگترین مەبەستی بە دەستەوەدانی وێنەیەکی ڕاست و بێ خەوشی سیمای کوردە و هەروەها خۆ دەرخستنێکی کولتووریشە لە بەرانبەر زمان و کولتوورە سەردەستەکان دا. کەسێکی وەک «چینوئاچێبێ»ش کە خۆی لە ناخی ژێردەستەکانەوە ڕاسابوو، بە شێوەیەکی ئاگایانە ڕەخنە لە سەر دەستەڵاتخوازان، هەر بە زمانی داگیرکەر واتە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێ. بەڵام ڕۆمان نووسی کنیایی «نێگۆگی واتیوێنگۆ» بڕوای وایە کە «بەردەوامی کەڵک وەرگرتن لە زمانی داگیرکار خۆی دەبێتە بەدیهاتنی جۆرێک ئیستعمار کە بە دەستی [خودی ژێردەست] گوڕوتینی پێ بەخشراوە»25 کە واتە بەشێک لە نەیارانی دەستەڵاتخوازان تەنانەت پێمل نابن بۆ خستنە ڕووی باس وخواسی خۆشیان لە زمانی ئەویتر کەڵک وەرگرن. لە ئاستی کۆمەڵگاش دا دژکردەوەکان جۆراوجۆرن، بەهێزترین دژکردەوە لەو پانتاییەدا دەتوانێ «تووڕەیی داهێنەرانە» بێ، کە بریتییە لە مل بادان لە ئاست زمانی ئەویتر و بەرهەمهێنان بە زمانی خۆماڵی. ئەوەش لە ئاکام دا دەبێتە هۆی ئافرانی بەرهەمی فیکری و ئەدەبی جۆراجۆر. «فرانتس فانوون وەک یەکێ لە ڕەخنەگرانی توندونیژی و داگیرکاری، کولتووری نەتەوەیی و ئەدەبی نەتەوەیی بە کەرەسەیەکی گرینگ بۆ وەدەس هێنانی سەربەخۆیی سیاسی دەزانی. سەربەخۆیی کولتووری و خودموختاری سیاسی دوو بەری سککەیەکن. ئارەزووی سەربەخۆیی کولتووری لە ئەدەبیاتی دەیەکانی 70 ـ 1960ی وڵاتانی چەوساوەدا شەپۆل دەداتەوە و وەک یەکێک لە بزوێنەرە سەرەکییەکان بۆ ئافراندنی دەقی ئەدەبی لەو ناوچانەدا دێتە ئەژمار»26 نەتەوە ژێردەستەکان لە دوو ئاستی تێوری و دەقی داهێنەرانەدا و بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی خۆماڵی، لە ململانییەکی نابەرانبەردا بەشداری دەکەن. لە ئاستی دەقی داهێنەرانەدا، ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانە سنووری داگیرکەران دەبەزێنێ و بیانهەوێ و نەیانهەوێ لە سەر زەین و هزریان کاریگەری دەبێ، بەو شێوەیە نەتەوەیەکی ژێردەست بەڵام خاوەن شوناسێکی وریا لە ئاست داگیرکار قوت دەبێتەوە. لێرەدایە کە بڕوای «هوومی بەهابەها» وەڕاست دەگەڕێ. «متمانە بە خۆیی داگیرکار لاواز دەبێ» و تەنانەت دەکەوێتە ژێر کارتێکەری ژێردەستەوە. شوناسی داگیرکار هەر بەو ڕادەیەی لە سەر شوناسی ئەویتر و لە ڕێی زمانەوە شوێن دادەنێ، لە ڕێی زمانی بەرانبەرەکەیەوە دەکەوێتە ژێردەستی کارتێکەرییەوە. «بەهابەها بە پێی ڕوانگەی لاکان سەبارەت بە چۆنەتی

خـۆگرتنی شـوناس، لێکدانەوەیـەک دەخاتـە ڕوو کـە بـە پێـی ئـەو لێکدانەوەیـە نـاتوانین شوناسـی داگیرکـار (ئیستعمارکەر) لە شوناسی داگیرکراو (ئیستعمارکراو) »یان لە شوناسی گریمانەیی ئـەو هـەڵاوێرین. بەهابـەهاش وەک لاکان پێی وایە کە شوناس لە زاتی خۆی دا بگۆڕ و بزۆزە. داگیرکار خاوەن شوناسێکی سەربەخۆ و ڕەسەن نیە، بەڵکوو بەشێک لە شوناسەکەی لە ڕێی هاوکاری و پێوەندی لەگەڵ داگیرکەرەوە خۆ دەگرێ» .27 داگیرکـار تا ئەو کاتە ڕەوتی هێرشکارانە لە ئاستی زمان و کولتووردا درێـژە پێـدەدا کـە داگیرکـراو توانـای بەرهـەمهێنانی زمـانی بەرانبـەری نـەبێ. کەواتـە زمـان و کولتـوور و شوناسـی داگیرکـار، هـەروا شـەقڵ نەشـکاو و یـەک ڕەگـە دەمێنێتـەوە و ڕەسـەنایەتی خـۆی، لانـی کـەم لـە بەرانبـەر داگیرکراوێـک کـە توانـای بەرهـەمهێنانی زمـانی نیـە دەپارێزێ. بەڵام هەندێ لە نەتەوە ژێردەستەکان بە هۆی پێوەنـدی لەگـەڵ نەتـەوەی سەردەسـت و گەڕانـەوە بـۆ سەر کولتوور و میراتی کولتووری خۆیان، بە هۆی تێگەیشتن لە نرخی ئەو بوارە لە پانتای زمانی دا، بە جۆرێـک لە خۆ مەزن کردنی دەگەن و قۆڵ بۆ دەوڵەمەند کردنی زمـان و کولتـوور هەڵـدەماڵن، لـە ئاکـام دا بـە زمـانێکی وزەدار دەگەن و ئەوەش بە کولتوورسازی و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند کۆتایی پێـدێ. ڕوونـاکبیری پۆسـت کلۆنیـال بە تێگەیشتن لەو بابەتە، ڕایان وایە لە ڕەوتـی ڕووبـەڕوو بوونـەوەی سەردەسـت و بـن دەسـت دا، زمـان ڕۆڵێکـی گرینگ دەگێڕێ. هەر دوو لایەن لە توانایی یەکانی ناخەکی زمان واتە دەستەڵات و ئـاڵ ووێـری کولتـووری کـەڵک وەردەگرن. لە لایەک سەردەست، کولتوور، هونەر و هزری خۆی بۆ ئەویتر دەخاتە ڕوو، لـە لایـەکی تریشـەوە بـە شوێن وەرگرتن لە زمان و ئـەدەبی ئـەویتر، دەکەوێتـە ژێـر کارتێکـەری کولتـوور و داب ورەسـمی ئـەوەوە.» لـەو واتایەدا زمان خۆی داگیرکارێکە و زیاتر لە هەموو بابەتەکان بـە سـەر داگیرکـراودا دەسـەپێ و دەبێتـە زەمینـە و هانەی زۆربەی کێشە و تێک هەڵچوونەکان»28 هەروەها کەرەسەیەکیشە بۆ بـەرگری داگیرکـراو هـەتا بـە کـەڵک وەرگرتن لە تواناکانی بتوانێ خۆی بسەلمێنێ و شوناسەکەی بپارێزێ. داگیرکار تێدەکۆشی ژێردەسـت ناچـار بکـا کە ڕوو بکاتە زمان و کولتووری ئەو و لاسایی ئەو بکاتەوە. لاسایی لە بابەتە ئاسایی و ڕۆژانەوە بگرە تا زمـان و جۆری شوناس. بەڵام هەر وەک دەزانین، هەمیشە لاسایی کردنەوە نواندنەوەیەکـە لـە ئەسـڵ و هەڵگێڕانەوەیـەکی دەقی سەرەکییە. وەک ئەو دەچێ بەڵام خودی ئەو نیە. داگیرکـار لـەو شـێوانەی ڕوخسـاری کولتـووری و زمـانی خۆی دەترسێ، بەڵام ناچارە، دەبێ وەرگیرێ و هەر ئەو بابەتەشە کە ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ متمانـە بـە خـۆیی و ورەی داگیرکار دادەڕوشێنێ. هوومی بەهابەها پۆست کلۆنیالی بە ڕەچەڵـەک هینـدی بـڕوای وایـە کـە پرۆسـەی لاسـایی کردنەوە دەبێتە هۆی لاواز بوونی متمانە بە خۆیی داگیرکـار، چونکـە «لاسـایی کردنـەوە شـێوەیەکی کـەم و زۆر سەیر و شێواوە کە داگیرکراو بە خواهیشت یان بە زۆری دەیگرێتـە بـەر هـەتا بـەڵکوو بتـوانێ شـێواز و گوتـاری داگیرکار دووپات کاتەوە و لاسای بکاتەوە. لەو ڕەوتەدا داگیرکار خۆی لە ئاوێنەیەک دا دەبینێ کە کەمێک، بەڵام بـە چـاکی ڕوخسـاری گێـڕ کـردووە. [واتـە] بـە شـێوەیەکی نابەرهەسـت و ترسـێنەر شوناسـی خـۆی بـە ئـەویتر دەبەخشێ» .29 بەڵام ئەوەی پێی بەخشیوە هەر ڕاست زمان و شوناسی خۆی نیە بەڵکوو وەک دەڵێن «کەمێک وەک ئەو، بەڵام نەک بە تەواوی»یە. دەتوانین هێند کە بێشـکەی پـەروەردە بـوونی چەنـد کـەس لـە کارامـەترین ڕوونـاکبیرانی پۆسـت کلۆنیـال وەک نموونـە بێنینـەوە و باسـی لـێ بکـەین. ئـەو وڵاتـە بـە درێژایـی سـەردەمی داگیرکرانی، زمانی داگیرکاری وەرگرت، بـەڵام توێژکـارانی زمـان پێیـان وایـە لـە مابـەین ئـەو شـتەی وەک زمـانی ئێنگلیزی لە هیند بەکار دەبردرێ و ئەوەی کە بە ڕاستی بە زمانی ئینگلیزی ناسراوە، جیـاوازی هەیـە. هـەروەها لـە بەسـتێنی هـزریش دا نووسـەرانی هینـدی وەک (وی. وێـس. نـاپیۆل، ڕابینـدرانات تـاگوور، ڕوشـدی و . . .) توانیویانە لە سەر زەینی زمانی ئینگلیزیش کەڵکیان وەرگرتبێ بە جۆرێک ئەو زمانەیان لەگـەڵ شوناسـی خۆیـان

ڕێک خستووە. ئەو بابەتە بە جۆرێکی دیکە و بۆ شـی کردنـەوەی کۆمەڵگایـەکی لـە لایـەن «یوهـانس ویلـم»ەوە باسی لێکراوە: «نووسەرانی ئافریقایی تەنانەت ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیش کەڵک وەردەگـرن، کـارێکی وا دەکـەن کە ئاهەنگی وشە و زاراوەکانی زمانی خۆیانی تێدا ببیسـتن. چونکـوو ناسـیاری سـڕینەوەیەک کـە بـە هـۆی ئـەو ڕەوتەوە بەدی دێ سرنجی ئێمە بەرەو کری زمانی و کولتووری غەیرە ئینگلیزی ئەو بەرهەمانە ڕادەکێشـێ».30 تەنانەت وای لێدێ کە ئەدەبیاتی ئینگلیزی بە دوو لق و بە دوو شوناسی جیاوازەوە دابەش دەکرێ، ئەدەبیاتێکی ئینگلیزی کە بە ڕاوێژی ڕەسەنی خۆیەوە شوناسی نووسەرانی ڕۆژئاوایی دەخاتە ڕوو و ئـەدەبیاتێکی «ئینگلیـزی زمانیش» کە شوناسی ئەویتری تێدا حەشارە. لە ئاکام دا دەتوانین بڵێـین ئـەوەی هۆکـاری شـوناس بەخشـین و شوناس سڕینەوە بووە و ئەوەی کەرەسەی هێرش و بەرگری سەردەست و ژێردەست بووە، زمانە. خوێندنـەوکانی پێشوو ئەوەی بۆ ڕوون کردینەوە کە لایەنەکانی ئەو کێشەیە لە توانای زکمـان گەیشـتوون و هـەر کـام بـە فێڵـی تایبەتی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە. ئەو ڕەوتە هەروا درێژە و دەوامەی دەبێ و کۆتایی بۆ نیە، چونکە زمـان بەردەوام دەزێتەوە و دەژێتەوە.

پەراوێزەکان:

1- پین: 1382، 406

2- برتنز: 1382، 260

3- هال: 1363،131

4- نیومایر: 1378، 10

5- پێشوو، 11

6- سیوەیلی: 2004، 9

حاجی قادر لە شاعیرە دەست ڕەنگینەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە. ئەو یەکێکە لەو یەکەم شاعیرانەی کورد کە بـە هـۆی تێگەیشتنێکی قوول لە زەمان، لە شێعرەکانی دا گرینگی پێداوە. هەروەها لە چەند شێعریشی دا لە سەر گرینگی زمان جەخت دەکا و تەنانەت لە شێعرێکی بەناوبانگی دا بە تەنیا هێمای پاراستن یان دۆڕانی شوناسی دەزانێ و دەڵێ:

(ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی......موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی)

«ڕێبوار سیوەیلی» ڕخنەگر، کتێبی «هاوکاتی و هاوشوناسی» بۆ باسی زەمان لە ڕوانگەی حاجی قادرەوە تەرخان کردووە.

7- شایگان: 1381، 16

8- برتنز: 1382، 260

9- پین: 1382، 356

10- برتنز: 1382، 261

11- پێشوو، 262

12- پین، 1382، 355

13- برتنز: 1382، 248

14- پێشوو، 256

15- پێشوو، 256

16- قەرەباغی: 1381،40

17- پێشوو، 43

18- پێشوو، 39

19- پێشوو، 40
20- پێشوو، 40
21- بودریار: 1374، 221
22- پێشوو، 222
23- آشوری، بی تا
24- پێشوو، بی تا
25- برتنز : 1382، 249
26- پێشوو، 248
27- پێشوو، 246
28- قره باغی: 1381، 40
29- برتنز: 1382، 265
30- پێشوو، 249

فەرهەنگۆک:

داگەڕان: گرایش

وزاق: جهش

کۆی ئەندام ئاسای کولتوور: کلیت انداموار فرهنگ

ڕووەو داهاتوو: معگوف به آینده

ڕەگەزپەرەستی بەرئاوەژوو: نژادپرستی معکوس

شوناس سڕینەوە: هویت زدایی

کاژ فڕێ دان: پوست انداختن

کر: بافت

گە: مفچل

نەبەدی: نامرئی

زەنگینی: پروتمندی

سیدار: مسلول

نەبەگە: سست، نااستوار

سەردەست: فرادەست

بن دەست: فرودست

ناهاوشێوە: ناهمگون

ڕێک نەهاتن: عدم انگباق

نە ینووک:آینە

وە ندا کردن: گم کردن

راگەیە نە: رسانە

ئاڵ ووێر: مبادلە

جەمسەر: قگب

ناوک: هستە

قاوغ: پوستە

هاوبەرژەوەند: مشترک المنافع

دژەژار: پادزهر

سەرچاوەکان:

- آشوری، داریوش (بی تا) مشکل زبانی ما، اینترنت.
- ا. هال، رابرت (1363) زبان و زبان شناسی، ترجمه محمدرضا باطنی، تهران، نشر امیرکبیر.
- بودریار . . . و دیگران (1374) سرگشتگی نشانه ها، نمونه هایی از نقد پسامدرن، ترجمه بابک احمدی و . . . تهران، نشر مرکز.
- برتنز، یوهانس ویلم (1382) نقریه ادبی، ترجمه فرزان سجودی، تهران، نشر آهنگ دیگر.
- ڵین، مایکل (1382) فرهنگ اندیشه انتقادی از روشنگری تا ڵسامدرنیته، ترجمه پیام یزدانجو، تهران، نشر مرکز.
- سیوەیلی، ڕێبوار(2004) هاوکاتی و هاوشناسی، دهۆك، ناوەندی سپی ڕیَز
- شایگان، داریوش (1381) بت های ذهنی و خاطره ازلی، تهران، نشر امیرکبیر.
- قره باغی، علی اصغر (1381) پست کلونیالیزم، مجله گلستانه، شماره 46.
- نیومایر، فردریک جی (1378) جنبه های سیاسی زبان شناسی، ترجمه اسماعیل فقیه، تهران، نشرنی.

**پاییزی 1383 بۆکان**